# وانەی ٩٦: چاوپێداخشانەوە ٤ عیسای مەسیح: (تەواو بوو!)

یۆحەنا ١٩ و عیبرانیەکان ١٠

سێ وانەی لەمەو پێش دەستمان کرد بەچاوپێداخشانەوەی پەیامی پێغەمبەرانی خودا. وەك بینیمان، خودا پەرتوکی خۆی دابەشی دوو بەشی گرنگ کردووە، پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ. پەیمانی کۆن یەکەم بەشی پەرتوکی سەرسوڕهێنەری خودایە. پێك هاتووە لە تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی تری پێغەمبەران. لەم یەکەم بەشەی پەرتوکی خودا بینیمان چۆن ئادەمی باپیرەگەورەمان گوێڕایەڵی خودا نەبوو، و بەو شێوەیە هەموو نەوەکانی خۆی بردە ناو شانشینەی شەیتانەوە. بەڵام هەروەها فێربووین کە خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی بەهێز بنێرێتە خوارەوە بۆ نەوەکانی ئادەم بۆ ئەوەی ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە باوەڕ دێنن و بیانگەڕێنێتەوە ناو شانشینی خودا. ئەم بەڵێنە سەرسوڕهێنەرە بەشێکی گرنگ بوو لە پەیمانی کۆن.

بۆ ئەوەی پلانەکەی دەست بەکار بکات و ڕزگاری دەرەکە بنێرێت، خودا بانگی ئیبراهیمی کرد لە تەمەنی پیریدا و پێی فەرموو، (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن... و هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣) بۆیە بینیمان چۆن خودا ئیبراهیمی کرد بە باوکی نەتەوەی ئیسرائیل. و بەو نەتەوەیە بوو خودا نووسینەکانی پێغەمبەرانی بەخشی. بۆ ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ، خودا ووشەی خۆی بۆ گەلی ئیسرائیل نارد، کەوا لە بیری زۆر پیاوانی چەسپاند — لە پێغەمبەر موساوە تا پێغەمبەر یەحیا. لە ڕێگای ئەم پێغەمبەرانەوە خودا دووبارە ناڕاستودرووستی نەوەکانی ئادەمی سەلماند و هاتنی ڕزگاری دەری ڕاستودرووستی بۆیان ئاشکرا کرد، ئەوەی خوێنی خۆی دەرێژێ بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی ئەوان بداتەوە.

وەك بینیمان پەیمانی کۆن کەوا خودا لەگەڵ گوناهباران دایمەزراند، داوای قوربانی ئاژەڵی دەکرد. ڕایدەگەیاند کە، لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت— چونکە کرێی گوناه مردنە! بەڵام قوربانی ئاژەڵ، کەوا خەڵکی دەیانکرد لە یەکەم نەتەوەوە، ناتوانی بەڕاستی سزای گوناه بداتەوە، لەبەر ئەوەی بەهای ئاژەڵ و بەهای مرۆڤ هاوتا نیە. بۆ نموونە، ئەگەر سەیارەیەکی یاریم هەبێ، ئایا دەتوانم بچمە مەعرەز و بە سەیارەیەکی ڕاستی بیگۆڕمەوە، یا بلێن لەگەڵ مارسدیس؟ بێ گوومان نەخێر! بۆ نا؟ لەبەر ئەوەی بەهای سەیارە یارییەکەی من هاوتای بەهای سەیارەیەکی ڕاستی نیە! بە هەمان شێوە، قوربانی ئاژەڵ، کەوا خودا داوای دەکرد لە نەتەوەکانی پێشتر، نەیدەتوانی گوناه لابدات، لەبەر ئەوەی بەهای ئاژەڵ و بەهای مرۆڤ یەك نیە. وەك بینیمان، قوربانی ئاژەڵ تەنها هێما بوون — چاوەڕوانی ئەو کاتە بوون کە خودا قوربانی ڕاستەقینە بنێرێتە خوارەوە: ڕزگاری دەری پیرۆز، ئەوەی پەیمانی نوێی هێنا. قوربانی ئاژەڵ تەنها بۆ ماوەیەك گوناه دادەپۆشن، ناتوانن گوناه بەیەکجاری لاببەن.

بەشی دووەمی پەرتوکی خودا بە ناوی پەیمانی نوێیە یاخود ئینجیل. باسی پەیمان (یاخود ڕێککەوتنمان) بۆ دەکات کەوا خودا لەگەڵ مرۆڤ دایمەزراند لە ڕێگای خوێنی ئەو ڕزگاری دەرەی لە ئاسمانەوە هات. پەرتوکی ئینجیل چیرۆکی عیسای ڕزگاری دەرە، ئەوەی هێمای و نیشانەی قوربانی ئاژەڵی هێنایە دی کاتێ خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە، تاکو بتوانین لێ خۆش بوونی گوناهەکانمان وەربگرین. بۆچی ڕزگاری دەرەکە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت؟ لەبەر ئەوەی هەموو نەوەکانی ئادەم باری گوناهیان لەخۆ گرتووە. گوناهبارێك ناتوانێ گوناهبارێکی تر ڕزگار بکات. بۆ ڕوونکردنەوە، ئەگەر ئافرەتێك تەشتێك ئاوی لەسەر سەری خۆی دانا بێت، ئایا دەتوانێ تەشتێکی تر بۆ کەسێکی تر هەڵگرێ؟ نەخێر. بە هەمان شێوە، گوناهبار ناتوانی سزای گوناهی کەسێکی تر هەڵگرێ. بەڵام، عیسای مەسیحی ڕزگاری دەر، کەوا خودا ناردیە خوارەوە هیچ باری گوناهی هەڵنەگرتبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆحی پاکی کوڕی خودا بوو، ئەو ووشەیەی لەگەڵ خودا بوو لە سەرەتاوە. لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. بۆیە، جەستەی وەك ئێمە هەبوو، بەڵام خەسلەتی خراپەکاری ئێمەی نەبوو. باری گوناهی لەسەر شان نەبوو. لەبەر ئەوە بوو خودا توانی باری گوناهی هەموومان بکاتە سەر شانی. عیسای پیرۆز لەبەر لە سنوور دەرچوونی ئێمە مرد. پاشان سێ ڕۆژ لە دوای ئەوە، لە مردن هەڵسایەوە تاکو ژیانمان نوێ پێ

ببەخشێ. مردن و گۆڕ و شەیتان و گوناهی بەزاند!

هەموومان لەناو قوڵایی گوناه لەدایك بووین. هیچ کەس نیە بێتە ڕزگارکردنمان، جگە لە مەسیح کەوا لە سەرەوە هات. ئەگەر متمانەی خۆتی پێ بکەی، ئەوا لەناو چاڵی گوناه دەتهێنێتە دەرەوە. ئەو لە ئاسمانەوە هات تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان. ئێستاش گەڕاوەتەوە ئاسمان، بۆ ئەوە شەفاعەت بکات بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە. نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ: چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤ دایە، عیسای مەسیحی مرۆڤ، [٦] ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد! (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦) چونکە سەرۆک کاهینێکی ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە، پیرۆز و بێ گلەیی و بێ گلاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە...دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناه کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا! (عیبرانیەکان ٧: ٢٦ ، ١: ٣)

وەك بینیمان لە ئینجیل، کاتێ کە عیسای مەسیح لەسەر زەوی بوو، هەندێ کەس باوەڕیان پێی هێنا. ئەوانەی زانیان عیسا کێیە خۆش حاڵ بوون زۆر. زانیان کە بۆ هەزاران ساڵ پێغەمبەرانی خودا خەریکی ڕاگەیاندنی هاتنی مەسیح بوون، ئێستاش دەبینن بە چاوی خۆیان! لەنێوان قوتابییەکانی عیسا، خوێندین ئەوانەی بە دوای خزم و برادەرەکانیان دەگەڕان و پێیان دەوتن، مەسیامان دۆزییەوە!...ئەوەی کە موسا لە تەورات و پێغەمبەرانیش لە سیپارەکانیان لەسەریان نووسیوە! (یۆحەنا ١: ٤١، ٤٥)

بەداخەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی لەکاتی عیسا دەژیان نەیازنی بەراستی کێیە. بەو شێوەیە، نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ: ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو... وشەکەش بووە جەستە و لە ناومانِدا نیشتەجێ بوو... ڕووناکیەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی‌نەگەیشت...ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدی هات، کەچی جیهان نەیناسی. [١١] بۆ لای ئەوانەی خۆی هات، ئەوانەی خۆی پێشوازییان لێی نەکرد!) (یۆحەنا ١: ٢، ١٤، ٥، ١٠، ١١)

وەك بینیمان زۆر کەس ئەو نیشانە و موعجیزانەیان بینی کەوا مەسیح کردی. عیسا بەسەر نەخۆشی و زریان و ڕۆحی پیس و گوناه و مردندا زاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵك نەیانزانی عیسا کێیە لەبەر ئەوەی شەیتان بیریانی کوێر کرد. خەڵکەکە دەستیان لێ دەدا بەڵام بەڕاستی ئەویان نەدەناسی! وەك پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکان دایاندەنا، بەڵام باوەڕیان بەوە نەبوو کەوا پڕی خودا لەناو ئەودا نیشتەجێ بوو.

سەبارەت بەڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە، بینیمان کە عیسایان ڕەت کردەوە. زۆر زۆر حەسودیان پێ دەهات، و لە کۆتاییشدا کوشتیان بە کونکردنی دست و پێی و لە خاچ دانی! بەڵام خودا ئاوا پلانی دانا بوو لەسەرەتاوە، مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە بەگوێرەی پلانە پیرۆزەکەی بوو کەوا ڕایگەیاندبوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە. لەبەر ئەوە، لەو شەوەی کاهینەکانی عیسایان دەستگیر کرد بۆ ئەوەی بیکوژن، عیسا بە پەترۆسی فەرموو ئەوەی ویستی بیپارێزی، (ئایا وا دەزانیت ناتوانم بانگی باوکم بکەم و زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ بەڵام ئیتر چۆن نووسراوەکان دێنە دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟) (مەتا ٢٦: ٥٣، ٥٤)

عیسا دەیزانی بۆچی هاتۆتە سەر زەوی. ئەو هاتبوو بۆ ئەوەی ژیانی بەخت بکات، بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژێ بۆ گوناهباران، هەروەك ئەوەی پێغەمبەران ڕایانگەیاند زۆر لەمەو پێش. عیسا هات تاکو بەرخی قوربانییەکەی ئیبراهیم و هەموو قوربانی ئاژەڵەکان نیشانیان دەدا لەودا جێ بە جێ ببێت. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کەوا عیسا فەرمووی لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی ڕۆحی تەسلیم بکات بە خودا؟ بەڵێ، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ کە عیسا بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!) و مرد. کە مرد، پەردەی شوێنە پیرۆزەکەی پەرستگاکە دڕا و بوو بەدوو پارچە لە سەرەوە تا خوارەوە. (یۆحەنا ١٩: ٣٠ و مارقۆس ١٥: ٣٧، ٣٨) بۆچی عیسا هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!)؟ و بۆچی پەردەی پەرستگاکە دڕا بۆ دوو پارچە، کەوا

پەردە پیرۆزترین شوێن بوو، لەو شوێنەی خوێنی قوربانی ئاژەڵیان دەپرژاند بۆ ئەوەی گوناە داپۆشێ؟ خودا ئەو پەردەیەی کردە دوو پارچە و عیساش ڕایگەیاند، (تەواو بوو!) بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ کە بە خوێنی عیسایە خودا لە گوناهی نەوەکانی ئادەم خۆش دەبێ و مافیان دەداتێ لە حزووری پیرۆزی خودا نیشتە جێ بن تاهەتا!

بەمردنی، پەروەردگار عیسای مەسیح ووشەکانی پێغەمبەران و هێمای نیشاندەری قوربانی ئاژەڵی هێنایە دی. وەك بینیمان، هەڵسانەوەی لە ڕۆژی سێیەمدا بەڵگەیەکی ڕوون بوو کە خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد وەك سزای تەواوی گوناە تاهەتا! عیسای مەسیح تەواوترین قوربانییە کەوا خودا بە خەڵکی جیهانی بەخشی، بۆ ئەوەی هەر کەسێك باوەڕی پێ بکات لەناو نەچێ، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!

ئێستاش بۆ ئەوەی چاو پێداخشانەوەکەمان تەواو بکەین لە پەیامی پێغەمبەران، داواتتان دەکەین بۆ خوێندنەوەی چەن ئایەتێکی بنچینەیی و سەرسوڕهێنەری کتێبی پیرۆزی خودا سەبارەت بە قوربانی تەواو و کۆتایی، کەوا عیسای مەسیح دای کاتێ خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە بۆ سزا دانەوەی گوناە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (عیبرانیەکان ١٠) [١] تەورات تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان. لەبەر ئەوەی بەردەوام بە هەمان قوربانییەکانی ساڵانە پێشکەش دەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەوانە تەواو بکات کە بۆ پەرستن نزیک دەبنەوە. [٢] ئەگینا، ئایا لە پێشکەشکردن نەدەوەستان؟ چونکە ئەگەر خواپەرستان تەنها جارێک پاکبوونەوە، ئیتر ویژدانی گوناهیان نامێنێتەوە. [٣] بەڵام لەو قوربانییانەدا ساڵانە یادەوەری گوناە دەکرێتەوە. [٤] چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناە لاببەرێت.

[٥] لەبەر ئەوە کاتێ مەسیح هاتە ناو جیهان فەرمووی: {قوربانی و پێشکەشکراوت نەویست، بەڵکو لەشێکت بۆ ئامادە کردم. [٦] بە قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناە دڵخۆش نەبووی. [٧] ئینجا وتم: (ئەوەتا هاتم - وەک لە سپارەی پێچراو لەسەرم نووسراوە - تاکو بەخواستی تۆ کار بکەم، ئەی خودا.)}... [٩] ئینجا فەرمووی: {ئەوەتا هاتم تاکو بە خواستی تۆ کار بکەم.} یەکەم لادەبات، تاکو دووەم دابنێ. [١٠] بەم خواستە بە جارێک بەهۆی پێشکەشکردنی لەشی عیسای مەسیح پیرۆز بووین. [١١] هەر کاهینێک هەموو ڕۆژێک ڕادەوەستێت و خزمەت دەکات چەندین جار هەمان قوربانی دەکاتەوە، کە هەرگیز ناتوانێت گوناە لاببەرێت. [١٢] بەڵام ئەم کاهینە کاتێ قوربانییەکی کرد لە جیاتی گوناە بۆ هەموو کاتێک، ئینجا لە دەستەڕاستی خوداش دانیشت، [١٣] لەو کاتەوە چاوەڕوانە، تاکو دوژمنانی بخرێنە تەختەپێی. [١٤] چونکە بە یەک قوربانی، پیرۆزکراوانی بۆ هەردەم تەواو کرد. [١٥] ڕۆحی پیرۆزیش شایەتیمان بۆ دەدات، چونکە دوای ئەوەی فەرمووی: [١٦] {ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵیان دەیبەستم، دوای ئەو ڕۆژانە خوداوەند دەفەرمووێ: (فێرکردنەکانم دەخەمە ناو دڵیان، [١٧] دوایی دەفەرمووێ: {هەرگیز یادی گوناهەکان و سەرپێچیەکەیان ناکەمەوە.} [١٨] لەکوێ لێخۆشبوونی ئەمانە هەبێت، ئیتر قوربانی بۆ گوناە نابێت.

[١٩] بۆیە برایان، لەبەر ئەوەی متمانەمان هەیە بۆ چوونە ناو شوێنی هەرەپیرۆز بە خوێنی عیسا، [٢٠] بە ڕێگایەکی نوێ و زیندوو لە ناو پەردەدا بۆمانی کردەوە، واتا جەستەی خۆی، [٢١] هەروەها لەبەر ئەوەی کاهینێکی بەرزمان هەیە بەسەر ماڵی خوداوە، [٢٢] با بە دڵێکی ڕاست بە متمانەی تەواوی باوەڕ بچینە پێش خودا کە دڵمان پرژێندراو بێت تاکو لە ویژدانی خراپ پاک بێتەوە و لەشمان بە ئاوێکی پاک شۆردرا بێت. [٢٣] با بێ ڕاڕایی دەست بگرین بە دانپیانانی هیوامان، چونکە ئەوەی بەڵێنی داوە جێی متمانەیە. [٢٤] هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک... [٢٦] چونکە دوای ئەوەی ڕاستیمان ناسی، ئەگەر بەردەوام بووین لەوەی بە ئەنقەست گوناە بکەین، ئەوا قوربانی بۆ گوناە نامێنێت، [٢٧] بەڵکو چاوەڕێکردنی حوکمدانی ترسناک و ئاگری بڵێسەدار کە خەریکە دژەکانی خودا دەخوات. [٢٨] ئەوەی سەرپێچی تەوراتی موسای کردووە، بێبەزەییانە بە شایەتی دوو یان سێیان دەمرێت. [٢٩] بە ڕای ئێوە شایانی سزای چەند خراپترە ئەوەی پێشێلی کوڕی خودای کردووە و خوێنی پەیمانی بە پیس دادەنێت کە پیرۆزی کردووە، سووکایەتیش بە ڕۆحی نیعمەت دەکات؟ [٣٠] چونکە ئەمە دەناسین کە ئەمەی فەرمووە: {تۆڵەسەندن هی منە، منم سزا دەدەم.} هەروەها: {خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات.} [٣١] کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە.

(جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی گەورەی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)

بەم ووشانە خودا ئاگاداری هەر یەك لە ئێوە دەکاتەوە ئەمڕۆ نەکەن تاکە ڕێگای ڕزگاربوون پشت گوێ بخەن، کە لە خوێنی عیسای مەسیح دایە. هەر کەسێك دژایەتی بەرامبەر قوربانییەکەی بکات کە خودا خۆی داویەتی، پێویستە بزانێت کە قوربانی تر نیە بۆ گوناه، هیچ شتێکی تر نەماوە جگە لە دادوەری خودا، کەوا بێ بەزەیی دەبێت! عیسای مەسیح قوربانییەکی تەواوە کە خودا خۆی بەخشی تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێت لەناونەچێ بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. لەسەر خاچەکە عیسا فەرمووی، (تەواو بوو!) و لەبەر ئەوەی عیسا ووشەی خودایە — کاتێ عیسا فەرمووی، (تەواو بوو!) ئەوا خودا خۆی بوو دەیفەرموو (تەواو بوو!) و پاش سێ ڕۆژ خودا عیسای هەڵسانەوە بۆ ژیان، و بۆ جیهانی سەلماند کەوا بەتەواوی ڕازی بوو بە قوربانی عیسا لەپێناو گوناه.

ئایا دەزانن عیسا سزای گوناهەکانی داوە؟ ئایا باوەڕت وایە کە عیسای مەسیح کاری ڕزگارکردنت بۆ تەواو کرد؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بە کردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟

تا جاری داهاتوو، خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لە مانای قوڵی مەسیح لەسەر خاچەکە، کاتێ فەرمووی، (تەواو بوو!) (یۆحەنا ١٩: ٣٠)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی ڕزگاری دەرەکە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت؟

٢. پەندێکی ئافریك دەلێی: ئەگەر ئافرەتێك تەشتێك ئاوی لەسەر سەری خۆی دانا بێت، ئایا دەتوانێ تەشتێکی تر بۆ کەسێکی تر هەڵگرێ؟

٣. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کەوا عیسا فەرمووی لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی ڕۆحی تەسلیم بکات بە خودا؟

٤. بۆچی عیسا هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!)؟

٥. بۆچی پەردەی پەرستگاکە دڕا بۆ دوو پارچە، کەوا پەردە پیرۆزترین شوێن بوو، لەو شوێنەی خوێنی قوربانی ئاژەڵیان دەپرژاند بۆ ئەوەی گوناه داپۆشێ؟

٦. ئایا باوەڕت وایە کە عیسای مەسیح کاری ڕزگارکردنت بۆ تەواو کرد؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بە کردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org